# ئێمە دەنگمان پێ دان بۆ وەرگرتنی ماڤەکانمان نەك بۆ ناوبژیوانی

**کاوێزمەلاپەرۆێز**

**کەرکوك**

2006\2\22

**کوردستانیان لە دوو هەڵبژاردنی گشتی ئێراق دەنگی خۆیان بە لیستی هاوپەیمانی کوردستانی بەخشی,ئەگەر لە شارەکانی ئێستای ژێر قەلەم رەوی ئیدارەی کوردستان ئارامیەك هەبوە بۆ دەنگدەر ئەوە بۆ خەلکی ئەو ناوچە نەگەراوانەی کوردستان و کوردانی شۆێنانی تری ئێراق لەسەر خۆێنی خۆیان دەنگیان بەو لیستە داوە..**

**دەنگی ئێمەی کوردستانی ئەم پرۆسەیەیی ئێستای بە وجود هێناوە بۆیە سەرنجمان هەیە لە ئەدای بەرێوەچونی گفتوگۆکانی بەغدا بۆ پێکهێنانی حکومەتی ئێراق..بێ ئەوەی لە هەوڵی کەس و لایەنی کورستانی کەم کەینەوە تەنێ وەك بۆچونێك لەمەر دانوستاندن لە بەغدای پایتەختی ئێراق ئەم بابەتە دەخەینە روو.**

**میدیاکان لەزاری سەرچاوەکانەوە رادەگەینن:**

**سەرۆك تالەبانی لە لایەن لیستەکانی ئیراقیە,تەوافق,حیوار پێشنیاری بۆ کراوە ببێتە سەرۆك وەزیر وەڵێ ئەم داخوازییە لەلایەن بەرێز تالآبانی رەتکراوەتەوە.**

**کورد لەگەل لیستی شیعە لەشەرێکی دژواردایە لیستی شیعە هێلی سووری بۆ بەشداری کردنی علاوی و موتلەگ داناوە وەڵێ کورد ئەمە بە دژ بە دیموکراسێ دادەنێ ؟!..**

**لە حیکمەتی ئەوەش ناگەین واحدەی وەتەنی و دیموکراسیەت بۆ پێکەوە گرێدراون کوا وابووە لە هەموو دونیا دیموکراسی ئەوەیە کێ لە هەلبژاردن سەرکەوت ئەو حکومەت پێکدێنێ ئەوانی تریش دەبنە ئۆپۆسزین لە ناو پەرلەمان.**

**هەڵبژاردنی جافەری سەرکردایەتی کوردی توشی شۆك؟**

**ئەم تێروانینە شەرمنازی دەسەلآت و سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بە دیار دەخات..چەندین جار سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بەرامبەر میدیاکان رایانگەیاندوە کە رێز لە ئیختیاری ئیتلاف دەگرن کێ بە پالیون بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران؟!..**

**ئەوەی بەلای‌منەوە سەیرەو لای سەرکردایەتی سیاسی کوردستان جێگای شانازییە:**

**چاوەنواری ئەوەین کوردستانیان لە حکومەتی ئایندەی بەغدا زۆرترین دەسەڵاتی بەر کەوێ وەڵێ سەرکردایەتی‌کوردستان خەریکی ناوبژیوانی کردنی هەردوو تەرەفی پێك ناکۆکن( سونە وشیعەی عەرب )؟!..**

**دەبوو بە دیراسە کراوی روو لە بەغد بکرێت خواستە کانی کوردستانی چین و چۆن دەستەبەر دەکرین هەنگاوی سەرکردایەتی‌کوردستان بەو ئاراستە بوایە...ئایا رێکەوتنی سونە و شیعەی عەرەب چەند لە بەرژەوەندی کوردایە؟**

**ئایا پێك نەگونجانی شیعە و سونەی عەرەب هۆکارەکانی چین وە ئایا بەرژەوەندی کورد لەگەل کام لایەن تێکدەکاتەوە شیعەی عەرەب یان سونەی عەرەب؟**

**خالە هاوبەشەکانی نێوان کوردستان و شیعە**

**هەردوو لا ستەمدەی دەستی دیکتاتۆری سونەن**

**هەردوولا دەخوازن ئێراق ببێتە وولاتیکی فیدرالی,کە ئەمە تەواو کەری خەبات و تێکۆشانی کوردستانیانە و قوربانی زۆریشی بۆ دراوە.**

**هەردوولا نێزگن لەو بۆچوونەی کە سەروەت و سامانی سرۆشتی ئەم وولاتە نەکەوێتە ژێر دەستی حکومەتی ناوەندی.**

شێعه هەندە بە لایەوە گرنگ نیە ئێراق وولاتێکی عەرەبی بێ.
کورد و سەرکردایەتی شیعە لەم بۆچوونە یەکدەگرنەوە کە ریشەکێش کردنی بەعسە وەلێ سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بۆچونێکیتری هەیە؟!؟..
ئەو خاڵانەی کە کورد و سونەی عەرەب بە یەك دەگەیەنێ بە نەزەری من خالێك جگە لە موستەلەحی واحدەی وەتەنی شتێکی تر نیە کورد و سونەی عەرەب پێکەوە گرێبدات..وەلێ یەك دونیا خالی ناکۆك دە نێو هەردوو لادا هەن..
سونەی عەرەب نەیشاردوەتەوە دژی فیدرالیە ئەگەر ناچار بکرێت لەگەل فیدرالی پارێزگاکانە.
سونەی عەرەب دژی هێزی لەشکری کوردستانە(پێشمەرگە).
سونەی عەرەب دژی دابەش کردنی سەروەت و سامانی سروشتی وولاتە,.
سونەی عەرەب دژی گێرانەوەی کەرکوك و مادەی (136)ی دەستوری هەمیشەییە کە تایبەتە بە ئاسایکردنەوەی کەرکوك و ناوچە بە عەرەبکراوەکان.
سونە دژی بە رەسمی بونی زمانی کوردیە.
سونەی عەرەب داکۆکی لەوە دەکات کە ئێراق بەشێکە لە خاکی عەرەبان.
لەگەل هیوای سەرکەوتن بۆ سەرکردایەتی سیاسی کوردستان دەخوازم ئاورێك لە زەحمەتی قۆناغەکانی رابردووی ئەم گەلە بدنەوە کە چەندمان نالآندووە بە دەستی شۆفێنیستی عەرەبی سونە بۆیە لە جیاتی ناوبژیوانی کورد کار بۆ پەراوێزخستنی ئەو لیستانە بکات کە زانراوە دەر ئەنجام دەبنە لەمپەری بەردەم داخوازییەکانمان.
وا دەزانم ئەمەریکایە ئەو رۆڵانە بۆ کوردستانیان دیاری دەکات کە جگە لە خزمەتی ئەمەریکا ئەو پرۆسەیە خێری بۆ ئێمە تێدا نەبێت بەو شێوەیە کە دەخوازین...ئەگەر بگەرێنەوەی بۆ پرۆسەی ئازادی و رووخانی رژێمی بەعس چەندان حاڵەتی وەها چەشن دەبینین کە رۆلی کورد زۆرتر لە ئێراق رۆلی بنیاتنانی ئیراق و یەکسختنی ریزەکانی پێکهاتە جیاوازەکان بوە کە ئەمەش بە لای منەوە بایەخی نیە کورد دەتوانێ سونە و شیعەی عەرەب لێك نێزك کاتەوە وەلێ ناتوانێ کێشەی کەرکوك چارەسەر بکات؟!!
کورد دەتوانێ فیتۆ بەرامبەر ئیتلاف بە کاربێنێ ئەگەر عەلاوی پەراوێز بخرێت کە بە رای زۆر لە چاودێرانش ئەمە فیتۆ یان کارتی ئەمەریکایە کورد بە جێبەجێ کردنی هەلدەستێ ئەم رۆلە لە جێی ئەمەریکا دەبینێ,بەلام نەیتوانی شەفافانە رایگەیەنێ کە کورد لەگەل جافەریەك لە حکومەتێکی چوار سالی کار ناکات ئەگەر ئیئتلاف جافەری هەلبژێرێتەوە؟!.
وەك کەسێکی کوردستانی کە دەنگم داوە دەمەوێ ئەوەم بۆ رۆشنبێتەوە حیکەمەت لە چی دایە سالح موتلەگی دوژمن بە کورد و وارسی بەعس بەشداری پرۆسەی سیاسی ئێراق بکات و کورد چە خێرێك لە موتەلەگ دەبێنێ..؟!.
ئاخر هەق بە منە پرسیار بکەم ئەگەر حکومەت بێ علاوی دروست بکرێت کورد بۆ زیان دەکات؟
هەر لەو روانگەیەوە کە سەرنجم دەخەمە روو کێشەی کوردستان کێشەی کەسایەتی نەبوە لە ئێراق..کێشەی کوردستان جافەری و عەلاوی سەدر نیە بەلکو
کێشەیەکە قولایەکەی بۆ مێژوویەکی درێژ شۆردەبێتەوە کێشەی میللەتێکە بن دەست و دەسەلاتێکی بە هێز بوە لە بەغدا..ئەمرۆش ئاسۆیەك بۆ کورد دەرکەوتوە جوامیری عەلاوی و جافەری نیە بەلکو تەنێ بێ هێزی دەسەلات و کێشمەکێشی نێوان شیعە و سونەی عەرەبی ئێراقە ئەو دەلاقیە تا بە ئێستا بە رووماندا کراوەیە...بۆیە وا چاکە ئەگەر بەرژوەندی بوو بۆ کورد دەست بخاتە نێو دەستی موفتەدای هەرەزەکاری سەرکردەی شیعەی عەرەبەوە لێ رانەوەستێ بەوە دەتوانین ماڤەکانی خۆمان وەدەست بخەین... نەك ووزەو توانای سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بۆ رێکخستنی نێو مالی ئێراقیان بە هەدەر بروات,کە دەرئەنجام دەبنە هێزێکی پتەو سەرکوتی ماڤەکانمان دەکەنەوە.

دروست مەبەستم ئەوەیە ئێمە بەرژوەندیمان لە ناکۆك بونی نێوان شیعەو سونەی عەرەبدایە یان پێچەوانەکەی؟!..

باوەرم وایە شەری نێوان هەردوو مەزهەب و پێك ناکۆك بونیان ئەمەریکاو هاوپەیمانی و کۆمەلگای نێودەولەتیش ناچار دەکات بە بەرنامە و ئەجندەیخۆیاندا لە ئێراق بچنەوە..کە چانسی ئێمە لەوەدایە ئێراق بە ئاشکرا وەك ئێستا دابەش بێتە سەر ئەم سێ ناوچەیە کوردستان-سونەستان-شیعەستان. ئەم دابەش بوونە لە پرۆسەی ئازادیەوە هەست پێ دەکرێ وەلێ رانەگێنراوە.

کورد دەلێ گۆم چەند قول بێت مەلەی خۆشە هەر وای دەبینم چەند ناکۆکی نێوان هەردوو تەرەفی شیعە و سونەی عەرەبی ئێراق قول بێتەوە بۆ ئێمەی کوردستانی هەندە بە سوودە هیچ نەبێت ناتوانن دوو قۆلی دژی خواستەکانمان پلان بگێرن.

خولاسە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان دەتوانێ حیکمەتی سیاسی خۆی بە کاربێنێ کەشتی کوردستان لە ئێراق بەرەو جیا کردنەوە بەرێ لە کەنارێکی ئارام لەنگەری پێ بگرێ.

K_mlaprwez@yahoo.com